www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:32 26-9-2006

## ڕوونکردنەوەیەک لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە...

ڕۆژی 2006/9/14 لە هەولێری پایتەختی کوردستاندا وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کۆنفرانسی پرۆژەی یاسای خانەنشین کردن و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی کوردستانی سازدا.

پاش ئەو کۆنفرانسە لەرۆژنامەی کوردستان راپۆرت ژمارە (76) ساڵی یەکەم، یەك شەممە 24 ی ئەیلوولی 2006 هەواڵێك بلاوکراوەتەوە، کە بەرێز کامیل عەبدولقادر وەیس هەواڵەکەی داوەتە پەیامنێری هەڵەبجەی شەهیدی ڕۆژنامەی ناوبراو کەتێیدا هاتوە وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان شەهیدانی هەڵەبجەیبەشەهیدی (یدفە) ناوبردووە، ودواتر رۆژنامەی جەماوەر لە ژمارە 194 ی رۆژی 2شەممە 2006/9/25 نوسینێکی بڵاوکردۆتەوە کە (نوسەرەکەی) کامیل عەبدولقادر وەیسەو لە میدیای ژمارە 259 ی 2006/9/26 بەرێزێك بە رێکەوت هەواڵەکەی بیستوە و کردویەتی بە گۆشەیەك !!

بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەواڵە و بۆ هەموو ئەو شتانەی کە کەسانێك لەملاو لەو لا دەیانرۆژێنێ، وتەبێژی فەرمی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانەوە ئەم لێدوانەی دا:

بزوتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە قۆناغەکانی سەرەتاوە بۆ گەشتن بەوەی ئەمرۆ لە سایەیدا دەژین هەزارەها شەهیدی داوە و بە هەزارەها گوند و شارۆچکەی وێران کراوە، پاش ئەوەی خەباتی گەلەکەمان هاتە بەرهەم و ئێستا خاوەنی پارلەمان و حکوومەتی خۆمانین و لەو پرۆسەی یەکخستنەوەیەی ماڵی کورد لە پێکهاتەی حکوومەتی تازەدا وەزارەتێك بۆ خزمەتکردنی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیابارانەکانی کوردستان دروستکرا.

سەرەتای دەسپێکی کاری ئەم وەزارەتە هەنگاوێکی خزمەتگوزاریانە بوو بۆ ئەوەی باری ژیان و گوزەرانی خێزانی شەهیدان باشتر بکات بۆیە لەو کۆنفرانسەی رۆژی 2006/9/14دا پرۆژەی ئەو یاسایە خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە بۆ خانەنشین وئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی کوردستان و دەوڵەمەندکردنی یاساکە.

ئەوەی مایە سەرنجە کە کەسێك لە نێو ئەو گفتۆگۆیانەدا نەیتوانیبێت تەنیا برگە و خاڵێك بە شێوەیەکی زانستی گفتوگۆ بکات و ڕستەیەکی دروستی لەو گفتوگۆ یانەدا نەبوبێت پاشان بۆپەیامنێران قسە بکات وبیبێتە نووسەر و وتار بنووسێت.

ئەوەی لەمیانی ئەو گفتوگۆیانەدا باسکرا جیاوازی مووچەی شەهیدانی سەنگەرو شەهیدانی هاوڵاتی بوو بەڕێز وەزیری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوەکانیش لە وەڵامدا گوتی: ئەوەی هەیە لەسەر مووچەی شەهیدەکان و پلە کانیان دانراوە، شەهیدێکی سەنگەر کەخۆی مردنی بۆ خۆی هەڵبژاردەوە ئیمتیازاتی جیاوازە لە شەهیدێکی هاووڵاتیی کە بە (یدفە) فروکە لێی داوە و شەهید بووە.

ئەمە لۆژیکە، ناکرێت کەسێك لە سەنگەری بەرنگاریدا شەهید بوبێت لە ڕووی ئیمتیازاتەوە هەمان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت وەك کەسێك ژیانی ئاسایی گوزەراندوە و لە نێو ماڵ و منداڵی خۆیدا بە نموونە گوللەیەکی وێڵ بەریدەکەوێت، وەزارەت حسابی بۆ ئەوانەش کردووە و ئەوانیش ئیمتیازاتیان دەبێت و ئەوەش بە یاسا دیاردەکرێت لەبەر رۆشنایی ئەو رێنمایی و بریار و پۆلێنکردنانەی کە پێشتر لە هەردوو دەزگای شەهیدانی هەولێر و سلێمانی پەیرەوی لێکراوە نەك بە عاتیفە بیر لە مەسەلەکان بکرێتەوە و کەسانێك بیانەوێت ئەو نەهجەی وەزارەت ڕاگرن کە ئامادەی کردووە بۆ خزمەتکردنی بنەماڵەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیا بارانەکان.

هەق وایە هەمووڵایەك ئەوە بزانین کە تەنیا لە ڕێگەی چالاکی و کاری ڕێکخراوەیی دروستەوە

دەتوانین بوونی خۆمان بسەلمێنین نەك قسەو و نووسینی ناڕاست و لە پاڵیدا چەندین سیفەت ڕیز بکەین یان سەیر لەوەدایە خەڵکێك دوورو نزیك ئاگاداری ئەو کۆنفرانسە نەبووە گۆشەی سەیر و سەمەرە دەنووسێ و کاکی گۆشە نووس ئاگاداری ئەو کۆنفرانسە نییە و بەلێدوانی ڕۆژنامەنووسی باسیدەکات!!!

دیاردەیەکی تەندروستە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەنوسان چاودێر بن بەسەر کاری وەزارەتەکانەوە بەڵام کەسێك ئاگاداری بابەتەکان نەبێت چۆن حوکمی پێشوەختە دەدات؟؟!!

ئەو بەرێزە ئاگادار نییە لەوەی ئەوەی بەرێزیان باسیدەکات کۆنفرانس بوە نەك کۆنگرەی رۆژنامەنووسی!!

دوا جار بۆ ئەوەی هەمو ئەوانەی لەملا و لەولا وەخۆیان خەریك کردووە بە نووسینی بێبەڵگەوە دڵنیایان دەکەینەوە کە ئەو قسانە بە هیچ جۆرێك لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان ساردمان ناکاتەوە و بەردەوام دەبین لە خزمەتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و ئەنفال و کیمیا بارانکراوەکاندا و ئەوانە تەنیا بۆ خۆ دەرخستن بەو لاوە هیچی تریان نییە و هەمووی قسەی بی بەڵگەن و کەسیش قسەی بێ بەڵگە بە هەند وەرناگرێت.

anfalushahedan@gmail. com